# لادیوارێکی تری کەرکوک  رووخا

**بۆ کۆچی هونەرمەندی هاوڕێم ئەسعەد عومەرکەرکوکی**

**داناعەسکەر**

دوای نزیکەی بیست ساڵ لە دووری و غوربەت و کەسەریی بەدوای مەوداکانی شانۆ ، ئێوارەیەك هاوڕێ رەش ئەسمەرەکەی مناڵییم کە زانیبوی ماڵم لە رەحیماواوە بۆ شۆراو باریکردووە ، بە ئینجانەیەك گوڵەوە خۆی کردە ماڵمان وباوەشمان بەیەکاداکرد و بۆ ماوەیەك بەیەك شادبووینەوە ، ئای دڵی من ئەسعەد گیان بیرتە ئیواران لەرەحیماواوە بەپێ بۆ شەقامی کۆماری و لەوێوە بۆعەرەفە و پاشان بۆ ساحەی تەیەران بۆ لای ئەحمەدی مەلا  دەرۆیشتین ، ئەی لەبیرتە کە چوین بۆ شەقلاوە لەوسەرەوە تا هەولێر بەپێ هاتینەوە ، یەکسەر وەك هەمیشە ئەسعەد پێکەنینێکی قوڵی بۆ کردوو دەستی کردە ملم و تی : ئەی گوڵەکەی هۆکاشەت لەبیرە ،ئای ژیان چەند بێ مانایە ، ئەزیزم گوڵ و ئینجانەکەت هەر ماوە رەنگی غەریبی تۆی لێدێت ئیتر رۆحی تۆ لەو گوڵ و ئینجانەوە وێنادەکەم و ناوی دەنێم گۆڵە رووخۆشەکەی ئەسعەد، هەمیشە زەنگی مۆبایلەکان راماندەچڵەکێنن ، دوێنی بەیانی ناخی هەژاندم ،"ئەرێ  ئەو هەواڵە راستە ؟ " هەواڵی چی " ئەڵێن ئەسعەد مردووە "بیرم نەما ئەسعد لەسلێمانی نەماوە و ئێستا لە هەولێرە ، تلفۆنم بۆ گۆران عەلی کەریم کرد، بەڵام وەڵام نەبوو ، پەیوەندیم بە برادەرێکی ترەوە کرد و وتی بەداخەوە راستە ، نازانم چی بکەم ، من لەکوێم ، ئەسعەد عومەر ، بۆ مرد ، ئەو هێشتا پڕە لەئیرادە ،پڕە لەخەون ، بەو هەموو خەونەوە گەڕایەوە کەرکوك ، ئای ژیان چەند بێوژدانە نەی هێشت کۆڕە رەشتاڵەکەی شارەکەم بۆ قەدەرێك بەسەر شانۆی کەرکوکدا ژیانمان بۆ تەرجەمە بکات ، نەی هێشت بۆنی مناڵیمان بکەینەوە ، نەی هێشت جارێکی دی عەجولانە بەبیریی گەنجیمان پیاسەیکی تری عەرەفە و تەپەی مەلا عەبدوللا بکەین ، لەپرسەکەت بووم بەڵام نا ئەوە پرسەی تۆ نییە هەرگیز تۆ نابێ بمری ، دەبوو کارەکانت تەواو بکەی ، کەرکوك هێشتا تیر باوەشی پێتا نەکردبوو ، هها چەند عەجول بووین شەرمان بە دەلی مەحمود دەفرۆشت و تووڕەمان دەکرد ، وەرە و جارێکی تر بچینە سەر سەنووقە شەقوشڕەکەی بەردەم دوکانەکەی ئامەنێرە و تەماشای ئەوبەرەوە بکەین ، ئائا خۆت دەزانی مەبەستم کوێیە ، دەدەی با دۆندرمەیەك لای کیبارب‌خۆین ، گوێبگرە ئەسعەد گۆرانییەکی سعدون جابرت بۆ ئەڵێم ، هههە پێدەکەنیت ،  لەبیرتە؟ ،لەدوورەوە تەماشای قەیتاری ماشێنکان دەکەم تۆش لەپشتی یەکێ لەو ماشێنانە راکشاوی و خەونەکانت دەدەی بەدەم ئازارەوە ، ئاخ کوڕە رەشتاڵەکە چەند بێدەنگ خۆت کرد بەکەرکوکدا ، چەند بەئازارەوە خەونەکانت لەشەقەی باڵیان داو هەموومانت هێنایە دۆخی متبوون ، چیبوو ئەم هەواڵە ، قەدەر هەمیشە بەدەوری کەرکوکدا دەخولێتەوە و خەونەکانی هەڵدەوەشێنێتەوە ، هاوڕێ گیان تۆ هاتیتەوە بۆ ئەوەی بێدەنگی ئەو چەند ساڵەی غوربەتی بێنیتەوەگۆ ، تۆ هاتیتەوە تا شارەکەت پڕیکەیت لەبۆنی گوڵەکانی هۆڵەندا ، تۆ هاتی یادەوەرییەکان بەئێستاوە گرێبدەیتەوە و جولە بخەیتەوە ناخی ئێمە و پەردە بەرووی شانۆی غوربەتدابدەیت ، تۆ هاتیتەوە بۆ کەرکوك و هەرلەوێش بمێنیتەوە و کەرکوکیشت هێنایەوە گریان و پێکەنینەکەشت بردەوە گۆڕستانەکەی

رەحیماوا ، ئاخ هاوارێ رەشتاڵکەم ، ئای کۆڕە گەنمرەنگەکەی ئێوارانی کۆڕنیش ، ئای هاوڕێ غەریبەکەم خۆزگە سەدخۆزگە نەهاتیتایەوە ، نا نەهاتیتایەوە .